


# شەهید مستەفا شارۆێرانی

**ئامادەکردنی: فاڕووق فەرهاد**



**یادی مستەفا لە دڵی مندا گوڵی هەمیشە بەهارە. مستەفا ڕۆڵەی ڕەنج و سەربازی کار و ژیان بوو. هەق نەبوو مستەفای زانا بە گوولـلەی پێشمەرگە شەهید بکرێت.**

**" کەریمی دانشیار " ٢٠٢٠/٩/١٤**

مستەفا شاروێرانی

مستەفای شاروێرانی کوڕی عەزیز و دایکی جەیران لە ١٣٤٠/١/١٣ لە بنەماڵەیێکی هەژار و شەرافتمەندی شاری مەهاباد لە دایک بووە.خوێندنی سەرەتایی تا دیپلومی لە شاری مەهاباد تەواو کردووە.

مستەفا کوڕێکی نە قەد بڵیند و نە کورتە باڵا بوو، لاقێکی سەقەت بوو و دەشەلی. هەمیشە دەم بە پێکەنین و بزەی لە سەر لێو بوو،  زۆربەی کات کۆت و پانتوڵی کوردی لەبەر دەکرد. مرۆڤێکی مەتین و ئارام و ڕێزی لە هەموو کەس دەگرت.

مستەفا تا بڵێی لەنێو خەڵک، دراوسێ و دۆستەکانی خۆشەویست بوو. پێم وا نییە کەس هەبێ دڵی لە مستەفا عاجز بوو بێت. ئێستاش ئەو کەسانەی کە مستەفایان دەناسی بە ڕێز و خۆشەویستەوە یادی لێ دەکەن.

مستەفا زیرەک و کتێبی زۆر دەخوێندەوە. هەمیشە لە چوارڕێی ئازادی ڕادەوەستا و باسی سیاسی دەکرد. سەرت سوور دەما دەبێ چەند هەزار کتێبی خویندبێتەوە کە توانایی ئەو هەموو  باسە قورسانەی سەبارەت بە مارکسیسم، سوسیالیزم، ناسیونالیزم، ئەمپریالیسم و... دەکرد. کەس لە باسی سیاسیدا دەرەقەتی نەدەهات.

من لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆم یادێکم لە مستەفا کرد و دۆست و برادەرەکانی لە بابەت مستەفا و کوشتنی وی بیرو بۆچوونی خۆیان نووسی کە من ئەوانەی بە پێویستم زانی نووسیمەوە و لێرەدا هێنامەتەوە. سپاس بۆ ئەو کەسانە کە بەشداریان کرد و بابەتەکەی منیان دەوڵەمەندتر کرد. جێی خۆیەتی هەزاران سپاس لە دۆستی یەکجار بەڕێز کاک دیاکۆی ئیبراهیمیان بکەم کە وێنەکانی مستەفای جوانکاری کردوو و بۆی ناردمەوە. وێنەی ڕوو بەرگی بابەتەکە کاری جوانی ئەو خۆشەویستەیە.

فارووق فەرهاد      سوئید  ٢٠٢٤/٠٣/٣٠

تۆ بڵێێ ئەو خەوە هەستانی بێ...

کێ هەیە تۆیی ناسیێ و بتوانێت فەرامۆشت بکا، کێ هەیە لە منالآنی گەڕەکی قووبلە و گەڕەکی خڕێ تۆی لەبیر چووبێتەوە. کێ هەیە ئەو لەشە کزو، ئەو بزەی سەر لێوی تۆ فەرامۆش بکا. کاک مستەفای شاروێرانی...

شەوی ١٣٦١/٦/٢١ ڕێخراوێکی سیاسی کورد لە دەرگای بنەماڵەیێکی هەژار دەدا و کاک مستەفای پاک و بێ تاوان لە ماڵی دەباتە دەرێ و لە کورتترین کاتدا کە دەتوانم بڵێم کەمتر لە یەک ساعەت تێرۆری دەکا و لەشی کزو و بێ هێزی مستەفا لە کۆڵانی مەیدانی حەیوانان بەجێ دەمێنێ.

مستەفا قەت لەبەر چاوی من لانەچوو، و لاناچی و هەمیشە لەبەر چاوومە. خۆشم نازانم بۆ؟کوژرانی مستەفا برینێکی کردۆتە لە سەر ڕووحی من، نازانم بۆ؟

لە گەڵ مستەفا کە تووشی یەکتر دەبووین دەیگوت: مۆخلیسین ئای فەرهادی...

.ئێمە مۆخلیسترین کاک مستەفا...

مستەفا بێ تاوان کوژرا، گەنجێک بوو کە تازە دێهەویست پێ بگا، هەزاران ئاوات و ئارەزوو بۆ خۆی و بنەماڵەکەی هەبوو... مەرگی مستەفا تاوان بوو، تاوانێکی زۆر گەورەش بوو لە هەق بە مستەفا و بنەماڵەکەی...

مستەفا گیان، من و منالی گەڕەکوو دۆست و ڕەفیق و هاوکلاسی و دەیان کەسی دیکە کە وێنەی تۆ دەبینن برینمان تازە دەبێتەوە... تۆ بڵێی ئەو خەوە ئەگەر هەستانی بێ، من بە دیدارت زۆر شاد دەبمەوە کاکە مستەفا...

فارووق فەرهاد

٢٠٢٠/٩/١٤

کەماڵی بلوری:

یەکێک لە هەڵە گەورەکانی کۆمەڵە تێرۆر کردنی ئەو کاک مستەفایە بوو کە هەمیشە وەک لاپەڕەێکی ڕەش لە مێژووی کۆمەڵەدا دەمێنێتەوە. پاک کردنی فیزێکی لە سەر بیری جیاواز لە گەڵ بنچیینەکانی باوەری کۆمەڵە یەک ناگرێتەوە. من کە دواتر بوومەتە تێکۆشەری کۆمەڵە هەمیشە ئەو کارەساتە ئازاری داوم چوونکە کاک مستەفا لە بەشی بەشمەنیەتی کۆمەڵگای ئێمە بوو. ڕەوانی شاد.

ڕەزای سیراجی:

هەر لە مەهاباد دەیان مستەفا بێ سەرو و شوێن، زیندانی، ئەشکەنجە و تێرۆر کراون و ئێستاش کە ئێستایە بکوژان و بەرێوبەرانی ئەمکردەوانە لە وڵاتی ڕۆژئاواییدا دەهۆڵ و زوورنای دیمۆکراسی، عەداڵەت، بەرانبەری و پێشکەوتووخوازی لێ دەدەن. ئەخلاق کە نەما... بکووژەکەت دەبێت یا دیکەنە پاڵەوان...

ئەسعەد ئەزامی:

بەداخەم، کۆمەڵە زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران باڵی سابڵاغیان ئەو لاوەیان تەنیا بەو هۆکارەوە تێرۆر کرد کە ئەو جۆرێکی تر بیری دەکردەوە. دواتر هەر ئەو کۆمەڵە هەر بەو ڕێبەرایەتیەوە کە ئێستاش هەن بە چەقۆ کەوتنە گیان یەک. ئەویش هەر لەبەر ئەوە بوو کە لایانێک ئیتر وەک وان بیر ناکەنەوە. شەڕی کۆمەڵە و دیمۆکراتیش هەر ئەوە بوو چونکوو پێیان وابوو کەس نابێ بە جۆرێکی تر بیر بکاتەوە.

پەروینی سیدقی:

یاد و ناوی قەت لە بیر ناچێ، داخی گرانم چەند بێرەحمانە کوژرا.

جەعفەری سەلاح زادە:

یادی بەخێر بێ، ئینسانێکی زەحمەتکێش بوو. کرێکاری دەکرد تا دایک و خوشک و براکانی کە بێ باب گەورە ببوون بە خێو کا. بیرو و باوەری لە گەڵ کۆمەڵە یەک نەبوو، بەڵام ڕۆڵەیەکی زەحمەتکێشی کورد بوو. ئینسانێک بوو.

بە نێوە شەو لە ماڵ کێشایانە دەرێ و کوشتیان و ناردیانە بەردەستی سەدان بێگوناهی دی، کە بە دەستی ئازادیخوازن دەستیان لە دونیا کورت کرابوو. لە تەواوی ئەو چل ساڵە زۆرمان لێ شەهید بوو، بەڵام تێرۆری ئەو فەقیرم قەت لە بیر نەکردۆتەوە. کورد زۆر ئازایە بۆ دووپات کردنی مێژووی خۆی.

جا مستەفا بۆ خەڵکی کورد خەتەرناکتر بوو یان شەڕی چەکداری کە چل ساڵە گەلێکی بە گەرووگان گرت و بوو بە مانعێکی گەورە لە سەر ڕێی بزوتنەوەی مەدەنی، زانیاری و پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵگامان.

ئێستاش خۆیان بوون بە گەرووگانی شێوازی خەباتی خۆیان. بە بوونەی شێوازی چەکداری ئێزنییان نییە لە مەقەرەکانییان تەکانی بخۆن.

ڕەزای سیراجی:

باسی ئەوە ناکرێت کە دەیان و هەزاران ساغیان کەم ئەندام کرد. هەزاران ساغی ئازادیان کوشت یا زیندانی کرد؟چۆن بۆت فەتوای کوشتنی کارمەندی سەبتی ئەحواڵیشان نەداوە زۆر سەیرە؟بایزی مووسلچی و عەبدولخالەقی شەریفیش شانسیان هێناوە. کرێکارەکانی مەیدانی ئاردی و مەیدانی مەنگوورانیش عاڵەمیان زۆر دەناسی...

دوکتۆر ناسری سەید ئەحمەدی:

بەڵام، لێرەدا بەڵامێکی گەورە هەیە. من ئەو چەند ڕۆژی ڕابردوو کتێبی سێ بەرگی ئەندامی ناوداری حیزبی توودە ئێران " محەممەد عەلی عەمویی" بە ناوی "صبر تلخ"م خوێندەوە.

کتێبەکە وەک پرسیار و جواب نووسراوە و بەشێکی زۆر لە مێژووی ئەوکات باس دەکا. عەمویی زۆر بە وردی باسی هاتنەوەی ئەندامانی حیزبی توودە لە ئوروووپا دەکات، دوایی دێتە دیفاعی وان لە ئینقلابی ئیسلامی و لە پاشان باسی ڕووداوەکانی کوردستان دەکا و زۆر بە جوانی باسی دوکتۆر قاسملو دەکات و لە پاشان جیابوونەوەی بەشێک لە حیزب وەک کۆنگرەی چوار. زۆر بە وردی دیفاع لە هەقی گەلی کورد دەکا.

لە پاشان دێتە سەر گیرانی ئەندامانی حیزب و ئەشکەنجەکانیان. جا نەقڵەکە لێرەدایە کە باسی ئەشکەنجەکانی خۆی زۆر بە تەواوی دەکات. دەڵێ نەمدەتوانی لە سەر لاق بم. کوڕێکی جەوانیان هێنا کە خۆی زیندانی بوو. بۆ ئەوەی کە ئاگای لە من بێ. ئەم کوڕە کورد بوو. لێم پرسی:

.کوڕم تۆ لێرە چ دەکەی؟ تۆ لە وڵاتی خۆت زۆر دوری؟

کوڕە دەڵێ: من کوردم و کۆمەڵەم و قووتابیم لە زانکۆی فەنی تاران.

عەمویی دەنووسی: کە ئەم کوڕە وەک ئاگای لە منداڵێک بێ، ئاگای لە من بوو و تەنانەت ڕاشی دەدێرام. چۆن توانایی دانیشتنم نەبوو.

دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێک کە بردمی حەمامێ و هەویستی بمشوا، دەستی بە گریان کرد. گوتم: کوڕم بۆ دەگری؟

گوتی: ئاغای عەمویی هەموو ئیسقانەکانی قاچت دیارن. ناشتوانم لێفکەی لێبدەم. پیستی پشتت دادەڕمێ.

کاتێک ئەو دێرانەم دەخوێندەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێمە چەند ناشارەزا بووین کە بۆ بیر و باوەر بێ حورمەتیمان بە یەکتر دەکرد و تەنانەت ئەندامی حیزبێکی ترمان دەکوشت. کەچی هەموومان تاقە یەک دوژمنمان هەیە، ئەویش نەزانینە. ڕژیمەکانی فاشیست لە نەزانینی خەڵک بۆ ئامانجەکانی خۆیان کەڵک وەردەگرن، لە بنەڕەتدا کاتێک لە زینداندا یەکتر دەگرینەوە. ئینسانیەتە کە قسەی ئاخر دەکا نەک بۆچوونی سیاسی.

مەهنازی سەفا:

زۆر بەداخەوە بۆ کاک مستەفای شارۆێرانی. ئەمن کە قەت لە بیرم ناچی، ئەو ئینسانە پاک و شەریفە. زۆر زانا و تێگەیشتوو و زۆر مێهرەبان. لە نەمایشگایەکی کتێب کە داندرابوو لە گەڵ کاک مستەفا بۆ هەفتەیەک لە غورفەیەک دا کارمان دەکرد و هاوڕێ بووین.

ئەوە بوو بە هۆی وەیکە کاک مستەفای باشتر بناسم و لە کەسایەتی گەورەی وی باشتر تێبگەم. ئینسانێکی جیاواز و دەتوانم بڵێم کەم وێنە بوو. تێرۆری کاک مستەفا بە هیچ شتێک تەوجیێ ناکرێ و قەت لە بیر ناچێتەوە.

ماری موکریانی:

ڕۆحی شادبێت، دەست خۆش کاک فاڕووق بۆ ئەو یادکردنەوە. بە بڕوای من شەهید کردنی لاوانی کورد بە دەست کورد بە ژانترە لە شەهید بوونی ئەوانەی لە مەیدانی خەبات دژی کورد شەهید کراون. زۆر بەداخەوە.

قاسمی ڕەیانی:

مستەفا گەنجێکی زۆر بە وزە و ئەنێژی بوو و بێجگە لە باس و دەمەتەقەی سیاسی و ئیدیۆلۆژیک دەگەڵ هاوتەمەنی خۆی کە لایەنگری حیزبەکانی کوردستان بوون هیچ تاوانێکی تری نەبوو. لەبەر لایەنگری حیزبی توودە زۆر بە ناحەق تێرۆر کرا. هەمیشە لە حیزبی توودە لە مەهاباد گلێ و گازەندەی لە سەر بوو. چونکوو لە شانەکانی حیزبی دا بەشداری نەدەکرد.

برادەرێک دەیکوت: "مستەفا تشکیلات ناپذیره". مستەفا بەدەست پۆلێک پێشمەرگەی " کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئەو سەردەم کە بە زۆر لە ماڵ دەبەنە دەر و بێ بەزەیێنانە تێرۆریان کرد.

ئەو کەسانە لەم مەفرەزە دابوون لە ژیاندا ماون و، یەکێک لە وان کە ناوی لای من پارێزراوە بە ئەمر یان بێ ئەمری بەرپرسانی ئەو کاتی خۆی ئەو کارە دزێوەی کرد.

من داوام ئەویە کە ئەو برادەرانەی کە لە نزیکەوە ئاگاداری مەسەلەکە هەن پاش دەیان ساڵ بێن و ڕاستییەکە بە خەڵک بڵێن و، ئەو کردەوە مەحکووم بکەن.

کەماڵی بلوری:

کاک قاسمی ڕەیانی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو تاوانە کەسانێک کردوویانە کە بەرپرسانی کۆمەڵە لێ ئاگادار نەبوون. من هەرگیز باوەر ناکەم چونکوو کۆمەڵە تەشکیلاتێکی بە دیسیپلین و موونزەبیت بووە. لە سەر بچووکترین هەڵەی ئەخلاقی کادری سەرکردایەتیان زیندانی و دەردەکرد. چلۆن لە سەر کوشتنی کەسێک تەنانەت لێپرسینەوەش ناکەن. خەتاکە و تاوانەکە کۆمەڵە کردوویەتی دەبێ وەخۆمانی گرین و داوای لێبوردن لە بنەماڵەی مستەفا بکەین.

مینای لبادی:

بەڕاستی یادی مستەفای هەمیشە لە دڵم دایە و هەر کات وەبیرم دێتەوە جەرگم ژان دەکا، کە چەن بە نامردی گیانیان لێ هەستاند. کورێکی زەحمەتکێش لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش. جێرانمان بوون. ڕوو ڕەشی بۆ بکوژرانی ئەو کورە بێ تاوانە. یادی مستەفای جوانە مەرگ هەمیشە لە دڵماندا زیندوویە.

قاسمی حەسەنزادە:

ئەو ڕووداوە و دەیان و سەدان ڕووداوی ئاوا ڕوویداوە بێ ئەوەی بەرپرسانی ئەو کارەساتە بۆ یەک جاریش بێت، بێن و سەبارەت بە ئەو ڕووداوە ڕوونکردنەوەیەک بکەن. بێجگە لە کوشتنی نامرۆڤانە و بێ دانی مافی دیفاع بە ئەو ڕۆڵانەی نیشتمان، زۆر کەسیان لە شارەکان بۆ پارە وەرگرتن (باج وەرگرتن) لە ماڵ هێنایانە دەر و بە سەرمای زستان بە شاخ و ڕێگا دژوارەکاندا کێشایانن بۆ دفتەری خۆیان بێ ئەوەی کەسێک بەرپرسێتی بۆ ئەم کارانەیان بکات. ئێستاش بەشێکی زۆریان لە دەرەوەی وەڵاتن و ژیستی دیمۆکڕات بوون لێدەدەن و خۆیان بە لایەنگری خەڵک دەزانن. هیوادارم ڕۆژێک دابێ کە هەر جوورەی کارەساتەکانی دوژمنانی گەل بێتە بەر چاو. ئەو ڕووداوانەش ڕوونکردوەیان لە سەر بکرێت.

دکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشەمی:

بەڕێز لە ساڵی ١٣٦٠ دەیان جار منیشیان هەڕەشەی کوشتن دەکرد بە تایبەت لە بۆکانەوە. پیاوی دەسەڵاتیش لەو چەمکە کەڵکیان وەرگرت ئەمنیان تێرۆر کرد و لە ڕۆژنامە و دەنگ و باسەکاندا بە سەر حیزبیان داهێنا. زۆر بوون ئەوانەی لە چەشنی دەرەبەگ خۆیان بە حاکم دادەنا و فەرمانیان دەدا. بیری دوای خەسار، یادگاری لەمێژینەی گەلی کوردە...

مستەفای خوسرەوی:

یادی بەخێر و ڕەوانی شاد بێت. پێم وایە ئەم کەسانە ئەم تاوانەیان ئەنجام دا ئێستا گەیشتوونە ئەم قەناعەتە کە کوشتنی کاک مستەفا هیچ خزمەتێکی بە خەباتی وان نەکرد، دەیانتوانی لێبدەن، زیندانی بکەن و... بەڵام ئێمەی کورد چوون بێ وەڵاتین و بێ یاسا لێپرسینەوەمان نییە. خۆزگە کوشتنی کورد بە دەستی کورد و شەڕی براکوژی ببێت بە خەتی سوور.

ڕەزای سیراجی:

هەر لێیاندا، هەر وەکی لە زۆر کەسی دیکەشیاندا کاک مستەفای خوسرەوی. خەیاتێک هەبوو کە بە هەزاران کۆرەوەری خۆی فێری کوت و شەڵوار دروون کردبوو و لای کاک برایمی مەعرووفی کاری دەکرد بە ناوی حوسێنی پەرسیاری! ئێستاش کەس نازانێت لە کوێ کوشتیان کێ کوشتی و لە کوێ ناژتراوە.

دیاکۆی ئیبراهیمیان:

یادی کاک مستەفا بەخێر، ڕەفیق بووین و چەندین ساڵ هاوکلاس. هەتا بڵێی لە سەر دڵان بوو. کتێبێکی یەکجار زۆری دەخوێندەوە. کەپرێکمان هەبوو لە ناوەڕاستی چۆمی باغی میکائیلی. زۆر جاران لە گەڵ مستەفا و هێندێک لە دۆستان کۆدەبووینەوە بە کەتری ڕەشەی چامان ساز دەکرد و باسی ئاسۆی ڕوونی مرۆڤ و چینی کرێکار و کوردایەتیمان دەکرد. دەستی ڕەشی پیاو کوژەکان چرای زۆر ماڵیان کووژاندەوە. یادی بەخێر.

جەعفەری کەریمی:

فەقیرترین و هەژارترین کەس بوو لە مەهاباد کە زۆر بە نامەردانە تێرۆریان کردا! ئەری منداڵەکانی عەوڵای مووهتەدی چۆن دژی؟ لە کوێ دژین؟ دەستخۆش بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو بابەتە گرینگە.

جەعفەری یزادنفڕ:

خۆ مستەفا چەکی پێ نەبوو کە بە چەک کوشتیان.

مامەندی جیهان میهەن:

کوشتنی کاکە مستەفا یەکێک لەو کارە ناجوامێرانەیە کە بە دوای فەرمانی شاڵاوی "توودە قڕان" لە لایان حیزبە کوردییەکانەوە دەرچوو، سەرێک خۆیان بەوە خافڵان و سەریان لە خەڵک شێواند. ئەو جار بەربوونە گیانی یەکتر و تا هەموو کۆمەڵگایان لە خۆیان تۆراند.

بزوتنەوەی بێ بەند باری چەکداری، بەپرس و سەرۆکی سەرەڕۆ و سەرشێت و نەخوێندەوار و ناحاڵی پەروەردە دەکا و هەموو دەم ئامادەن فەرمانی داپڵۆسان و کوشتنی خەڵک بدەن، بنەماڵەی کاک مستەفا و دایکی هەناسە سارد و براکانی نیشانیاندا کە قیبلەگای هەرە پیرۆزیان هەر نیشتمانە و هەرگیز لایان لێ لانەدا.

دوای کوشتنی کاکە مستەفا، لە ساڵانی دواییدا زۆر شتی تریش ڕوویدا کە من ئاگادارم و جاری باسکردنی بڤەیە. ئەوەی دەڵێم: " بڤەیە" ڕەنگە تەنیا کەس و کاری کاکە مستەفا لێم تێبگا کە مەبەستم چییە. سپاس

قاسمی حەسەنزادە:

بەداخەوە تا ئەو کاتەی بێدەنگی و بڤە لە ناودا بێت ئەو کارەساتانە بە شێوازی جۆراوجۆر دووپات دەبنەوە. بەداخەوە تا ئەو کاتەی نووکی تفەنگ لە جێگای نووکی قەڵەم بەکار دەهێندرێت، ئەو کردەوە نامرۆڤانە بەردەوامن و ئێستاش هەر لە سەر ئەم کردەوە بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامن.

مامەندی جیهان میهەن:

کاک قاسمی بەڕێز، تاڵە موویەکێش نیە کە من بە هێزێکی سیاسییەوە لێک گرێ بدا، ئەوەی دەڵێم " بڤەیە" ڕەنگە تەنیا کەس و کاری کاک مستەفا لێم تێبگا کە مەبەستم چییە.

خالیدی یزادنفڕ:

مستەفا چکۆڵەترین تاوانی نەبوو. بەڵام وەکوو بکوژەکانی بیر نەدەکردەوە. سەری بۆ هیچ دەسەڵاتێک دانەنواند و بە هێز و توانای خۆی بژیوی ژیانی خۆی دابین دەکرد وەکوو زۆر کەس لە سەر سفرەی حازری دانەدەنیشت. دزین و تێرۆر مستەفا تاوانێکی یەکجار گەورەیە کە کۆمەڵە لێی بەرپرسیارە و دەبێ جواب بەدەنەوە.

دکتۆر تاهیر حکمەت:

من لە کەسێک کە بۆ خۆی لە دەستەی بکوژەکان بوو پرسیم:

.کە کێ کوشتی؟

کوتی: بە وجدانم من نەبووم. بەڵام مەرجمان داوە ناوی بکوژەکە نەدرکێنین و منیش نایلێم.

کوتم: ئەوکات باسی سیامەندی مووعینی کرا. ئایا بەڕاستی ئەو کوشتی؟

کوتی: نایلێم.

بەداخەوە ئەویش لە ژیاندا نەماوە ئەگینا ئێستا دەیکوت.

٢٠٢٠/٩/١٤

***



مستەفا شارۆیرانی

شەهلا دەباغی لە کتێبی "شاتوو"دا بەم جۆرە باس لە مستەفا شاروێرانی دەکا:

هەر لەو دەورانەدا بە هۆی گرفتی سیاسی، چەند ئینسانی بێگوناح و بێ تاوان تەنیا بە هۆی جیاوازی بیر تێرۆر کران.

من دوو کەسیانم تا ئێستاش فەرامۆش نەکردووە، مستەفا شاروێرانی، کوڕێک لە چینی هەژار کە هێندە وەزعی ماڵ و ژیانیان خەراپ بوو کە لە خانووی مزگەوتدا دەژیان.

چەند ساڵ پێش لە زمانی کەسێکی باوەڕپێکراو بیستم کە بەداخەوە هەمان ڕۆژ کە قەرار بووە شەو توودەییەکان تێرۆر کرێن بە جۆرێک بە کوڕە دەوڵەمەندەکان دەگوترێ کە شەو لە ماڵێ نەمێنن. بەڵام گرووپی تێرۆر ئەم خەبەرە بە مستەفا ناگەیێنن.

مستەفا کوڕە هەژار بوو و کوژراباش بۆ سازمانەکان گرینگ نەبوو. ئەوان خۆیان بە نوێنەری چینی هەژار دەزانی بەڵام لە هەژاران نەدەترسان. مەبەست ئەوە نییە کە دەبا کوڕە دەوڵەمەندەکانیش تێرۆر کرابان. نا تێرۆر هێندە کارێکی دزێو و دژ بە ئەخلاقە کە قەت نابێ بکرێ.

بەڵام لە هەلوومەرجی نابەرامبەردا دیسان ئەوە چینی هەژارە کە زیاترین خەسارەت دەبینێ. مەگەر هەر ئێستا لە بەرەکانی شەڕ دا منداڵی هەژاران هەزار هەزار شەهید نابن؟

شاتوو، پەخشانەیاد، نووسینی: شەهلا دەباغی، چاپی یەکەم ستۆکهۆڵم پاییزی ۱۳۹۷. ۲۰۱۸

چەند دیمەنێکی جیاواز بۆ کردەوەیەک:

نووسینی: یۆسفی شاروێرانی

کردەوەی تێرۆریستی کۆمەڵە، زۆربەی هەرە زۆر باسیانکردووە و هەموو لایەک ڕایان لە سەر کردەوەیەکی دزێو و قێزەون و دوور لە داب و نەریتی مرۆڤایەتی بووە، وە لە ڕوانگەی خۆشیان شۆڕشگێڕانە!!!

بابی پیر، شەو پێ دەڵێن: بەیانی وەرە حاجی ئاڵیکەندی و کوڕەکەت وەرگرەوە! شەو چۆن ڕۆژ دەکاتەوە؟ نازانم.

بەرەبەیانی زوو بەڕێ دەکەوێ، پرسیار پرسیار سواری ماشێنی دێهات دەبێ کە بچێ ڕۆڵەکەی بێنێتەوە! پێش ئەوەی بگات بە ناو دێ تووشی ناسیاوێک دەبێ و لێ دەپرسێ:

. سۆفی عەزیز ئەوە بۆ کوێ؟

. وەڵلا وەدوای کوڕەکەم کەوتووم. شەو گرتوویانە و گوتوویانە بەیانی وەرە بیبەوە.

. کێیە؟

. مستەفای شاروێرانی.

. کێها؟ مستەفا شەل!!! بگەڕێوە، بچۆوە ماڵێ، کوشتوویانە...

. بۆ کاک جەلیل کوڕەکەم چ کارە بووە؟ چی کردووە؟

. ئەتۆ نازانی ئەوانیش نەیانکوشتبا ئێمە هەر دەمان کوشت!!!

جا وەرە پیرەبابی داماو قەڵەمی لاقت نەشکێ و ئەژنۆت نەچەمێتەوە. هەناسەت سوار نەبێ و ڕووحت قەتیس...

دەستەوەستان دەگەڕێتەوە بێ ئەوەی بچێ بۆ لای کۆمەڵە، بە هەزاران پرسیار و دڵەڕاوکێ بەرەو شار دەگەڕێتەوە. دەگاتەوە بەرەو کۆڵان و قەرەباڵغی بەر دەرگای ماڵ و مزگەوت دەبینێ و ئەژنۆی دەشکێ و جەرگ سووتان دەست پێدەکات...

بە گوێڕایەڵی لە مەلای مزگەوت و پیرە پیاوانی گەڕەک قەناعەت دێنێ کە بچێ بۆ بنیادی شەهید بەڵکوو کوڕەکەی بە شەهید!!! وەرگرن و شتێکی بۆ دیاری بکەن هەر وەک زۆر کەسان، مخابن و سەد حەیف لەوەی مەردکاری بە نامەردان بێ!

پاش پرس و جۆیەکی زۆر لە کوڕەکەت چۆن؟ بۆ؟ لە کوێ؟ کەنگێ؟ کێ؟... سەهۆڵ ئاوێکی بە سەر تا پێی دادەکەن و ئەوانیش وەک ئاغای [...] زۆر ڕووداو ماڵاوانە پێ دەڵێن: "هم کمونیست بوده و هم ضد انقلاب، کار ما را آسانتر کرده‌اند. چون ما هم اینکار را میکردیم. حتما"...

لە چوارڕێیانی ئازادی بووم، جەماعەتێک سەیری ئیعلانی سەرەخۆشیکەی کە هێشتا بە سەر دیوارەوە مابوو دەکرد. یەکێ لە چەکدارە کوردەکان لە پشتەوە دەنگی هەڵێنا ئەوە کێ مردووە؟

- "مستەفا شاروێرانی"یە، کۆمەڵە کوشتوویەتی.

ئەویش: ئەی دەستیان خۆش بێ، لە بەر دەستیان مرم باش بوو لە کۆڵیان کردەوە...؟

کە دەڵێن سکە دوو ڕووی هەیە.



دانیشتوو نەفەری یەکەم لە چەپەوە: مستەفای شارۆیرانی



ڕاوەستاو لە ڕاستەوە نەفەری یەکەم: مستەفای شارۆیرانی

ئەم پارچە شیعرش بۆ ڕۆحی پاکت مستەفا گیان

بە قسە خۆشە مــەترسی مردن

تاڵە ئەو هەستی بە مردن کردن

کاتی کۆچ کــردنە وەختی سەفەرە

داخەکەم سەختی نەمانم لەبەرە

هەر بینا هات ئەجەل و من مردم

بــاڵە شێوی پــەرو بـاڵی بـــردم

تۆ بڵێی پاشی نـــەمان ژینی بێ؟

بۆ لەشی ساردەوە بوو تینێ بێ؟

تۆ بڵێی ئەو خەوە هەستانی بێ؟


یا نە ئـەو قــافڵە وەستانی بێ؟

مەرگە دێ و دوایە بە هەموو شت دێنێ

هـــــەمـوو ئـــاواتی لــە دڵ دەستێنێ

بەشێک لە شیعری " هەڵۆ"، سوارە ئێلخانی زادە






گڵکۆی ئەبەدی جەوانی ناکام شەهید مستەفای شاروێرانی کە لە تاریخی ١٣٦١/٦/٢١ لە شاری مەهاباد شەهید کرا.



فاڕووق فەرهاد